# رۆشنبیر

# و

# بەرەی کوردستانی

**پێشکەش بە: رۆشنبیری نەتەوەیی کورد ـ شەهید سەعید یەزدانپەنا ـ**

**کە پێهکاتنی بەرەی کوردستانی یەکێ لە خەونە گەورەکانی بوو.**

**کوردستانی رۆژهەلآت ـ ئارتیکا کوردی**

atika_kurdi@yahoo.com

پێم وایە، کەم نەتەوە لەو جیهانەدا هەبێ، ژیانیان، خەباتیان و... هتد لە نەتەوەی کورد بچێ. ئێمە بەر لەوەی لە ئاستی فەرهەنگی، کولتوورییەوە لە «ئازادی و نرخەکەی» بگەین، بە ناوی خەبات بۆ ئازادی هاتینە مەیدانێکەوە کە زانیارییەکی ئەوتۆمان لە هەوراز و نشێوی مەیدانەکە نەبوو چەکمان هەلگرت و لە پێناو «خودموختاری» خاوێنترین نەسلمان قوربانی کرد و دەسکەوتێکی ئەوتۆ کە لە گەلێ هەزینە ئینسانی، ئابوورییەکاندا بەرانبەری بکات. نەسیبمان نەبوو، مەستی بادەی ئۆردوگای سۆسیالیزم بووین، بێ ئەوەی لە بارودۆخی نیشتمان، ولآت و ناوچەکە ئاگاداربین، لە لایەکەوە جەوهەرێکی چەپ رەوانەمان پەسند کرد و لە لایەکی دیکەشەوە هەولّی فریودانی نەتەوەیەکماندا کە گوایە دەمانەوێ بە شنەی ئازادی زامەکانی بتارێنین، دەرفەتە مێژوویییەکانمان سوتاند و بەراستی کەس وەکوو ئێمە لە دەرفەت سووتاندا هونەری نیە!

بە ناوی نەتەوە خوازی‌یەوە بەرەو خەبات بووینەوە، بێ‌ئەوەی سیستەمە کۆیلەساز و جاش پەروەرەکان ناوتوێ بکەین خەباتێکی پڕ قوربانی و... هتد. کوێرە رێگا پێو بووین و شایەتی فیدا بوونی باشترین رۆلّەکانی وەتەنمان. بە سانایی بە پیری پیلانی تیرۆریستانەوە رۆیشتین، بە سانایی ناڤدارەکانمان بە خاکی غوربەت ئەسپارد و لە هەمان حالّیشدا بە سانایی «نەیار»مان لە باوەشی خۆماندا بەخێو کرد

وەرە چاو لە کاروانی گەڕاوەکانی سەنگەر و هەڵاتوان بەرەو ئەورووپا و ئەمریکا بکە... بەڕاستی ئەو کارەساتانە ریوایەت لە چ ژانێکی مێژوویی دەکەن؟!

هێشتا مەترێك زەوینـی خۆمان لە ژێر دەسەڵات نەبوو براکوژی ـ مان تۆمار کرد. هێشتا پارەی رادیۆ و چاپەمەنیە تەکنۆلۆژیا رزیوەکانمان لە گیرفانی خۆمانەوە دەرنەهات، بە ملیۆنان تۆمەت و تاوانمان ئاراستەی یەکتر کرد، هەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، پشتیوانانی راستەقینەمان بوون، ئەوانیشمان لە خۆمان دوور خستەوە، ئەگەر سەردەمێك بەندیخانەکانی رژێم هەشتا لە سەتی زیندانی سیاسی بوون ئێستا ئەوەشمان گۆڕی و نەوەد لە سەدی بووە بە تلیاکی و دز و چەتە!

ئەگەر جاران ١٪ لاوان تلیاکی و... بوون ئێستا رێژەکە یەکجار زۆر بووە، هێشتا لە گوێچکەی گادا خەوتووین و ئێستاش سەرلێشیواوتر لە جاران مەودای دیالۆگ ـ پراکتیکمان هەزاران کیلۆمەترە!!

هەر هەموومان باسی یەکێتی و تەبایی دەکەین کەچی هەنگاوێك ـ کە رۆژێك تەمەنی هەبێ ـ هەڵناگرین. سەری ئێوە سەلامەت. ئەگەر رووداوی رفاندن و گرتنی عەبدۆڵلا ئۆجالان و بارودۆخی ١٤ ساڵەی ئەخیری کوردستانی باشوور نەبایە، دڵینای بن ئەمڕۆ کوردستان بوو بوو بە عەجەمستان!

ئێستا کە:

١- پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوێنی گەورە لە ئارادایە.

٢- ئیسلامی سیاسی تڕۆ بووە.

٣- دیکتاتۆریەت هەرەسی هێناوە.

٤- کێشەی کورد لە باشوور خەریکە بەرەو چارەسەری یەکجارەکی دەڕوات.

٥- بە جیهانیبوون بە خێرایەکی سەیرەوە خەریکە پەل و پۆ دەکوتێ.

٦- شانۆی شەڕی ئەمریکا ـ ئینگلیز و ئێران لە رەونەق و شکۆ کەوتووە.

٧- ناسیۆنالیزم بووگە بە «گفتمان»ی زاڵی نێو کۆمەڵگا.

٨- مافی مرۆڤ، بووە بە قسە و باسی رۆژی جیهان و...هتد.

دەخوازێ رۆشنبیرانی راستەقینە، چ رۆشنبیرانی ناوخۆ، چ پێشمەرگەی رۆشنبیر، چ رۆشنبیرانی تاراوگە بە هەموو شێوەیەك بیر لە خولقاندنی زەروورەتێك بە ناو «بەرەی کوردستانی» بکەنەوە

چونکە ئەم پلاتفۆرمە لە ئاوەها کاتێکی هەستیاردا دەیان دەسکەوتی نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە، رۆشنبیران دەبێ لەگەڵ لایەنەکان بە تایبەت:

١- حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران.

٢- یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

٣- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

۴ـ پەژاك

کە ئامانجی سەرەکی هەر چوار لایەنیان سۆسیالیزمە و هەڵگری رۆحێکی نەتەوەیین وتووێژ بکەن و تەنانەت پێشنیاری پێکهاتنی پارتێکی نوێ بۆ نموونە: **پارتی سوسیال دیمۆکراتی کوردستانی رۆژهەلات** ئاراستەی نوێنەرانی هەر چوار لایەنەکە بکەن. هەڵبەت هەواڵەکانی ئەم دواییە موژدەیەکی خۆشی پێیە، چونکە هەر چوار لایەن هۆگریان بە پێکهاتنی بەرەی کوردستان دەربڕیووە و ئیراد لە سەر بنەماکانی بەرە نیە، ئینجا ئەگەر ئەو چوار پارتە بە «توافق» گەیشتن، دیکە لایەنەکان ـ بێجگە ئیسلامیەکان ـ یش ناچار دەبن، بێنە ریزی بەرەی کوردستانی یان پارتی نوێ. بێگومان ئەگەر رۆشنبیران لە ئاوەها پرۆژەیەکدا سەرکەون، سەربەرزی و شانازییەکی مێژوویان بۆ خۆیان وەدەست هێناوە و بۆ هەتا هەتایە لە دڵی نەسڵەکانی گەلدا زیندوو و سەربەرز دەمێننەوە.

**دەسکەوتەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی**

١- کۆ کردنەوە، کۆبوونەوەی هێزە سیاسی، سەربازی، مادی، تەبلیغی‌یەکان لە یەك ناوەندا.

٢- ئاشتی نەتەوەیی.

٣- بەرز بوونەوەی پلەی سیاسی، دیپلۆماسی لە دەرەوەی ولاَت.

٤- دڵخۆشبوونی جەماوەر لە ناو خۆی ولاَت.

چ شوورەییەك لەوە گەورەتر ئەمرۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی رۆژهەلاَت خاوەن سەتەلایتێك نیە؟!

به هیوام هەنگاوی بەرپرسانەی رۆشنبیران زەمینە بۆ دیالۆگی راستەقینەی پارت و لایەنەکان بە تایبەت چوار لایەنی ناوبراو خۆش بکات و گەل بە موژدەی پێکهاتنی «بەرەی کوردستانی» یان «پارتی نێو براو» خەم و ئازارە قورسەکانی برەوێتەوە.

بیٚشك گەر ئەو بەهارە رسکا، یەکگرتنی چەك و قەڵەم، کوردستان لە ژێر پێی داگیرکەراندا دەکات بە ئاگرستان و توێژەکانی خەڵك لەباتی پاڕانەوە و چاوەڕوانی بێهوودەی ئەمریکا ـ ئینگلیز بە هانای رۆڵە وشیار و یەکگرتووەکانیەوە دێن و لە چ پشتیوانیەك درێغ ناکەن. ئەگەریش پرۆژەکە سەرنەکەوت، رۆشنبیران بە گوێدان بە حەقیقەت خوازی وەك خەسڵەتێکی سەرەکی رۆشنبیری، کۆسپ و تەگەرەکان بە خەڵکی رابگەیەنن...